حیزبوولەای لوبنانی کوژرانی حەوت ئەندامی خۆی بەهۆی هێرشی ئیسرائیل ڕاگەیاند

حیزبوولەای لوبنانی گیان لەدەستدانی حەوت ئەندامی خۆی بەهۆی هێرشی ئیسرائیل ڕاگەیاند.

شەوی ڕۆژی دووشەممە (9ـی تشرینی یەکەمی 2023) حیزبوولەای لوبنانی گیان لەدەستدانی حەوت ئەندامی حیزبەکەی لە باشووری لوبنان و لە نزیک سنووری ئیسرائیل بەهۆی بەردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای ئیسرائیل ڕاگەیاند.

لەلایەکی ترەوە سوپای لوبنانی ڕایگەیاند کە ئەفسەرێکی سوپا بەهۆی بەردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای ئیسرائیلەوە بریندار بوو.

سوپای ئیسرائیل ئاشکرای کرد کە ئەم تەپبارانە لە وەڵامی ئەو تەقەی کە ماوەیەکی کەم لەمەوبەر لە لوبنانەوە بەرەو ئیسرائیل تەقەندرایەوە.